# لیکۆلەرەوانی سیاسی ئەمریکایی پیشبینی پیکدادانی تایفەگەری و شەری ناوخۆ لەعیراقدا دەکەن!

ئامادەکردنی: خ. سایە

بەدوای فتواکەی زەرقاوی بۆ حەلالکردنی کوشتنی "شیعە ئیسلامی‌یەکان" و تیکەل بوونی کاری تیرۆریستی لەبەرامبەر هیزەکانی ئەمریکاو خەلکی مەدەنی، بەشەری نیوان بالەکانی ئیسلامی و تایەفەو شوعەبە مەزهەبی‌یەکان لەوناوچانەدا کە دەولەتی ئەمریکا بە"سیکوچکەی سونی" ناوی دەبات کۆمەلگای عیراقی بەرەو داخستنی حەمامی خوینین بردووە و ئەمەش بەرای لیکۆلەرەوانی سیاسی ئەمریکایی لیدانی سەرەتاکانی زەنگی شەری ناوخۆیە لەعیراق:

"بەرووخانی رژیمی بەعس کۆمەلگای عیراق رووی لەبۆشایی‌یەکی سیاسی کرد کە سەرەکی‌ترین تایبەتمەندی، نەمانی دەولەتە. هۆکاریکی وا بیکومان سەرچاوەیەکی بنەرەتی‌یە بۆ پیکدادانی چەکداری نیوان دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی و بالە جیاوازەکانیان". ئەمە ئەو تیزە سەرەکی‌یەیە کە لەبۆچوونی بەشیکی زۆر لە لیکۆلەرەوە سیاسی‌یەکانی ئەمریکادا بۆتە جیگای ئاماژە پیکردن و لەم دوایەنەدا لەئاستیکی بەرین حکومەتەکەی جۆرج بۆشی پی ئاگادار دەکریتەوە. بەپیی کۆمەلیك لەو باسانەی کە لەنیوەندی لیکۆلینەوەی سیاسی و ئیستراتیژیك لە واشنتۆندا، سەبارەت بە بارودۆخەکانی شەرو پیکدادانە سەربازی‌یەکان خراوەتە بەردەم کۆنگریسی ئەمریکاو ئاستەبالاکانی دەولەتەوە پیداگری لەسەر کەوتنەری مەترسی هەلایسانی شەری ناوخۆ لەعیراقدا دەکات. لەمبارەوە یەکیك لە لیکۆلەرەوە سیاسی‌یە بەناوبانگەکانی ئەمریکا، پسپۆر لەکاروباری عیراقدا، لە پەیمانگای "برۆکینجز" بەناوی ئۆ هانلۆن، باس لەوەدەکات کە سەرهەلدانی میلیشیای چەکداری دەستەو تاقمی سەربازی لەناوچە جیاوازو پیچەوانە بەیەکەکاندا یەکیك لە دەرکەوتنەکانی رۆچوونی کۆمەلگای عیراقە بەرەو شەری ناوخۆ. شەریك کەلەنیوان گروپە رەگەزی وئاینی‌یەکاندا دیتەپیشەوە. ئەم دەستەو تاقمە چەکدارانە کەلەبنەرەتەوە لەسەر بناغەی تایەفەو شوعەبی ئاینی و عەشیرەتەکان پیکهاتوون و بەخیرایی خەریکی پەرەسەندنن، نیشانەی بەزاندنی هەرجۆرە سنوریکی سیاسی و کۆمەلایەتین و گەرەکیانە لە هەر فرسەتیکدا بکەونە بەرامبەر بەیەکەوە، بەپیی قسەکانی ئۆ هانلۆن ئەم دیاردەیە ئەگەرچی لەسەرەتادایە بەلام ئەوە سەرۆکی تایەفەو شوعەبە مەزهەبی‌یەکانن خەریکی پەمپکردنی بارودۆخەکەن و ئاگر بەردەدەنە پوشەلانی شەری ناوخۆ.

هەرلەمبارەوە "کینیت کاتزمان" لیکۆلەرەوەی سەرەکی لە نیوەندی کارگوزاری باسەکانی کۆنگریس لەئەمریکا، رۆشنتر ئاماژە بەوە دەدات کە هەرئیستا لەعیراق سەرەتا وپیشەکی‌یەکانی شەری ناوخۆ دەستی پیکردووە، ئەگەرچی کەس ناتوانی ئەوە نەبینی کەرووداوەکانی رۆژانە ئەم حالەت و مەترسی‌یەی خیراتر کردۆتەوە. لەلایەکی‌ترەوە "مارینا ئۆتاوای" بەریوەبەری پرۆژەی ئاشتی ودیموکراسی و حوکمی یاسا لە پەیمانگای" کارنیجی ئەندوامینت" لەلیکۆلینەوەکەیدا لەبارەی بارودۆخەکانی عیراقەوە ئەو خالەی بۆ باسەکانی سەرەوە زیادکردووە کەئەو بزوتنەوەیەی ماوەیەکە بەناوی"مقاوەمەتەوە لەدژی داگیرکاری ئەمریکا" و پۆلیسی تازە دامەزراوی عیراقی کەوتۆتەری ئەگەرچی بەپیی پیناسەکەی ناتوانری پیی بوتریت شەری ناوخۆ، بەلام کاتیك لەرەوتی خۆیدا بەبی کیشمەکیشیکی سیاسی دەستی بۆ سەر ژیانی خەلکی مەدەنی دریژ دەکاو کوشتار ژیانی رۆتینی بەشەکانی کۆمەلگا دەگریتەوە، ئیتر لەم پیناسەیەی خۆیدا نامینی‌تەوە و بەپیویست شەری نیوان تایەفەو تیرە و رەگەزەکانی شەری نیوانیان دینیتە پیشەوە. ئەوەتا بەرۆشنی کوشتاری شیعەکان لەلایەن چەکدارەکانی سوونەکانەوە و هەروەها کوشتاری سونەکان لەلایەن چەکدارانی شیعەوە رۆژانە روو لە پەرەسەندنە وئەمەش زەمینەکانی شەری ناوخۆی هیناوەتە کایەوە. تەنانەت ئەگەر سەرنج بدەین کوشتارەکان لەهەموولایەکەوە لەناوچەکانی سوونە و شیعەدا روو دەدەن و هەریەك بەدەوری خۆی سوزی دوژمنکارانە و فەناتیکی تایەفەگەری پەرە پی دەدەن بەبی ئەوەی کیشمەکیشیکی سیاسی وەك ئەوەی لە کۆمەلگا هاوچەرخەکاندا هەیە لەپشتیانەوە راوەستابیت. تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی کردەوەی کوشتن لەدژی خەلکی مەدەنی لەسەر بناغەی ناسنامەی شیعی و وەیا سونی لەلەهەریەك لەناوچەکانی نفوزی میلیشیای سوونە و شیعە مەزهەبەکاندا دەستی بۆبری، ئەمەیان ئیتر جگەلە بەلای شەری ناوخۆ هیچ شتیکی‌تری لیناخویندریتەوە. بەمجۆرە رۆشنە کە بناغەی ئەم کردەوانە سۆزی تایەفەگەری و دەمارگیریکی کویرانەیە کەریشەی خۆیان دەبەنەوە سەر تایەفەو شوعبە مەزهەبی و قەومی‌یەکان.

کۆلۆنیۆل تۆماس هامیس خانەنشین لە هیزەکانی ئەمریکادا بەدوای گەرانەوەی لەعیراق ئاماژە بەوە دەدات کەعیراق لەسالی 2004 دا نەکەوتۆتە سەرلیواری شەری ناوخۆ بەلام بەدوای راگەیاندن و رەوتی کارە تیرۆریستیەکانی زەرقاویدا ئەم سنورە دەپیچری و مەترسی شەری ناوخۆ تادیت رووله پیشدەکا.

بەلام، بەپیچەوانەی لیکۆلەرەوانی ئەمریکایی‌یەوە عیراق بەدوای رووخانی رژیمی بەعسدا رووی لەبەردەم شەری ناوخۆ ناوە، ئەوەی لەباسو لیکۆلینەوەی سیاسەتمەداران و دەزگاکانی لیکۆلینەوەی ئیستراتیژیکی ئەمریکادا نابینا گیراوە، ئەو راستی‌یەیە کەلەغیابی دەولەتدا، ئەوە خودی سیاسەتەکانی ئەمریکایە کەبەناوی دیموکراسی کردنی عیراقەوە زەمینەکانی شەری ناوخۆی پیکیهناوە. خودی جەنگ و کاولکاری، تادەگات بە سیاسەتی تەقسیمی عیراق لەسەر بناغەی عەرەب و کورد و شیعەو سوونە و تورکمان و وەهابی و مەسیحی ودەیان تیرەوقەبیلەی تر، ئەمەش لەباوردۆخیکدا کەفەوزای سیاسی و نەبوونی ئەمنەیەت ریگەی داوە هەمووان دەست بۆچەك ببەن، زەمینەکانی چالاکبوونەوەی زەرقاوی و دەیان سەرۆکی شوعەبە مەزهەبی‌یەکان بکەونە گیانی یەکیەوە.

بەلام ئەوە هەر تەنها کۆمەلگا وخەلکی عیراق نی‌یە کەبەرو ئەم زەلکاوە بەهۆی رەحمەتی سیاسەتەکانی ئەمریکاوە ملی ناوە بەلکو لەهەریەك لەوولاتانی ئەفریقا کە تیدا دەسەلاتی لەرزۆك هەیەو سیاسەتی ئەمریکا دەخالەت دەکات دوکەلی شەری ناوخۆ خەریکی کویرکردنی چاوی ملیۆنەها ئینسانە.. ئەمەیە ئەو بەهەشتەی کە جەنگ و داگیرکاری ئەمریکایی بەناوی رزگاری و دیموکراتیەوە لەهەرگۆشەیەکی دنیادا خۆی نیشان ئەدات کە ئەو تییدا بالادەست و دەخالەتگەرە .